# خوێندنەوەیەک لەسەر کتێبی
# مانای ژیانم

ئاگرا

## پێشەکی

بیرەوەری یان ژیاننامە گێڕانەوەی نووسەرە لەسەر ژیانی خۆی. لە نووسینی بیرەوەریدا مرۆڤ ئەوەی کە لە دەروونیدایە و بەسەری هاتووە و پێویستە باسی بکرێ، باسی دەکا.

لەو گێڕانەوانەدا مرۆڤ ئەو قۆناخ، بارودۆخ، سات و ئەزموونە خۆش و ناخۆشانە کە کارتێکەرییان لەسەر ژیانی هەبووە و سرنجراکێشە بەوردی دەگێڕێتەوە.

بە گشتی گێڕانەوەی ژیاننامە بە شێوەی کرۆنۆلۆژیک کە زیاتر لەسەر بنەمای ڕاستەقینەکان بسووڕێ، بەناوبەنگتر و سرنجراکێشتر دەبن.

ئەدەبیات لە هەر قاڵب و ژانرێکدا بێ، سەرچاوەیەکی گرینگە بۆ زانیاری، پەرەپێدان بە زمان، پەروەردەی گشتی و، شێوە بەهادانێک بە خۆ و ئەوانی دیکە، هەروەها دەرفەتە بۆ هەڵوێست گرتن و، ڕاستبێژی.

کتێبی مانای ژیانم پاش کۆچیدواییی کوبرا عەزیمی لە لایەن کچەکەیەوە «سیمین ئیفتخاری» لە ڕووی یاداشت و بیرەوەرییەکانی کۆچکردوو نووسراوەتەوە و بڵاو بووەتەوە.

دیارە ئاسانە کە بڵێین کتێبی مانای ژیانم؟ ژیاننامەیەکی خەیاڵی نییە، بەڵام کەمێک چەتوونە کە بڵێین بەبێ بەرنامە، دارشتن و تەنانەت بێداواکاری نووسرا بێ.

کتێبەکە بە گوێرەی سەرەکی لە دوو بەشی بیرەوەرییەکانی ژیانی کوبرا عەزیمی پێک هاتووە، قۆناخی سەردەمی کۆماری کوردستان و قۆناخی دوای سەردەمی کۆماری کوردستان تاکوو دەگا بە دوا ساڵەکانی ژیانی.

بە گشتی کتیبەکە هێندێک زانیاریی بەکەڵکی تێ دا و تا ئاستێک سەرکەوتوو بووە کە بارودۆخی کۆمەڵگای کوردەواریی ئەو سەردەمەمان بۆ بهێنێتەوە بەرچاو.

زمانی کتێبەکەی یەکدەست نییە، بەڵام لە هێندێک شوێن بە تایبەت لە شینگێڕیی کوبرا خانمدا بۆ شەهید سارمی کوڕی، زمانەکە بۆ جوانی و ڕازاوەیی دەگاتە ترۆپکی خۆی.

من هەوڵ دەدەم خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنم بە کورتی، تەنیا لەسەر چەند خاڵ لە بەشی یەکەمی کتێبەکە واتا سەردەمی کۆماری کوردستان و، دوو کەسایەتیی بەرچاوی کتێبەکە مینا خانم هاوژینی پێشەوا و، خودی خاوەن کتێب، کوبرا خانم بێ. بۆیە بە پێویستی دەزانم ناساندنێکی کورت لە مینا خانم پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێز بکەم.

## مینا خانم

مینا خانم ساڵی ١٩٠٨ لە شاری مهاباد لەدایک بووە، لە لایەن دایکەوە کاک ئاغا و لە لایەن بابەوە حەسەنخاڵییە. مینا خانم لە تەمەنی منداڵیدا دەبێ کە باب و مامی لە ناوچەی شکاکان بە دەستی ڕووسەکان شەهید دەکرێن. دوای ئەو ڕووداوە گوڵئەندام خانمی دایکی، منداڵەکان هەڵدەگرێ و دەچێتەوە بۆ لای کەسوکاری خۆی. هەربۆیە مینا خانم زیاتر بە کچی ماڵە کاک ئاغا ناسراوە.

قازی محەمەد و مینا خانم بە خۆشەویستییەوە لە ساڵی ١٩٢٧ ژیانی هاوسەرییان پێک هێنا و، بوون بە دایکوبابی نۆ منداڵان. مینا خانم لای پێشەوای هاوژینی فێری خویندن و نووسین بووە. بە پشتبەستن بە بەڵگەکان مینا خانم بە ژنێکی کوردپەروەر، تێگەیشتوو و بوێر ناسراوە. لە ڕێکەوتی «١٣-٠٤-١٩٤٦»، «یەکێتیی ژنانی دێمۆکرات» دامەزرا و، مینا خانم بە بەرپرسی هەڵبژێردرا. ئەم ڕێکخراوە لەنێو خەڵکدا زیاتر بە ناوی «ڕێکخراوەی یەکێتیی یایان»، ناو دەبردرێ. کاتی شەهیدبوونی پێشەوا، مینا خانم تەمەنی سی و هەشت ساڵ بووە و، منداڵی نۆبەرەیان ١٦ساڵ و، پاشەبەرەیان شەش مانگە بووە.

## کوبرا خانم

کوبرا خانم لەدایکبووی شاری مهابادە (١٩٢٥).

کوبڕا خانم بە گوتەی خۆی تەمەنی تەنیا نۆ مانگە دەبێ کە: «سەری خۆم داخستووە و بەرەو دووکانی بابم چووم و لە ڕێگا خاڵی بابم تووشم دەبێ و دەمباتەوە ماڵێ.» یەکەم جار کە قوتابیی پۆلی چوار دەبێ، چاوی بە قازی محەممەد دەکەوێ. لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکا و لە تەمەنی شازدە ساڵیدا دەچێتە نێو پیشەی مامۆستایی لە خوێندنگەکانی شاری مهاباد. ماوەی ٣٢ ساڵ لەم پیشەیەدا دەمێنێتەوە. لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بابی کۆچیدوایی دەکا. بە هۆی کێشەی میراتەوە هاتوچۆی مەحکەمەی قازی دەکا. کوبڕا خانم دەگێڕێتەوە کە چۆن لەم هاتوچۆیانەدا « قازی داوای لێ کردم، مێردی پێ بکەم»، بەڵام «من ئەو پێشنیارەم بەجیدی نەگرت و زەردەخەنەیەکم کرد، بێئەوەی وڵامێک بدەمەوە.»

هەرچەند کوبڕا خانم بەوردی باسی تێگەیشتوویی و کەسایەتیی پێشکەوتووی قازی دەکا، بەڵام هیچ نادرکێنێ و باسێک لە هەستی دەروونیی خۆی سەبارەت بە ئەو ناکا.

کوبڕا خانم لای دایکیشی باس لە پێشنیارەکەی قازی ناکا، بەڵام داوا لە دایکی دەکا کە «چی تر وەدوای ئەو کێشەیەی نەکەوێ و دەس لە میرات بشوا و ئیمە نەنێرێتەوە مەحکەمەی قازی.» هەروەها کوبڕا خانم دەڵێ «وابوو ئیدی نەچووینەوە وێ و وەدوای کێشەکە نەکەوتین.»

قازی وڵامی خۆی بە زەدەخەنەیەک وەردەگرێتەوە. بۆیە هێندەی پێ ناچێ کە قازی دیسان داوای خۆی تازە دەکاتەوە. بەڵام ئەم جارەیان بە دایکی کوبڕا خانم ڕادەگەیێنێ «بە ئیجازەی ئێوە پێم خۆشە کوبڕا مێردم پێ بکا.»

دایکی کوبڕا خانم بەم وەسڵەتە ڕازی نابێ و، هەربۆیە هەموو شتێک کۆتایی پێ دێ.

کوبڕا خانم پێشتر باسی لەوەی کردبوو کە «وابوو ئیدی نەچووینەوە وێ و وەدوای کێشەکە نەکەوتین.» بەڵام دوایی بۆی دەبێتە پرسیار کە «دوای ئەوە نەمانزانی لەبەر چی قازی خۆی لە گیر و گرفتەکەمان وەرنەدا.»

کوبڕا خانم سەبارەت بە دامەزراندن و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دەڵێ: «گرینگترین، گەورەترین و خۆشترین ڕۆژی ژیانمان بوو.» ئەو لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا دەبێتە ئەندامی یەکێتیی ژنان، وەک ئەندامێکی چالاکی «یەکێتیی ژنان»، وتار و پەیامەکانی لە ژمارەی ٢٣، ٢٧، ٣٦، ٣٨ و، ١٠١ ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاو دەکرێتەوە. بەگشتی وتارەکانی کوبڕا خانم کۆمەڵایەتی، پرسەکانی سەردەمن و پەیامەکان پەیامی پیرۆزبایی و ئاواتی سەرکەوتن و بەرقەراریی ئاڵا و سەرۆک کۆماری کوردستانن.

جێگای داخە کاتێک کوبڕا خانم وەک ئەندامێکی چالاک لە ڕێکخراوەی یەکێتیی ژنان دەر دەکەوێ، لە لایەن «دوو، سێ کەس» لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە و تەنانەت «هێندێک خەڵکی شار» ڕووبەڕووی هەڵسوکەوتی ناشیاو، درۆ، بوختان و سووکایەتی دەبێتەوە.

دیارە کوبڕا خانم باسێک لە مینا خانم ناکا کە ڕاستەوخۆ لە شوێنێک، لە دیدارێکدا چاویان بە یەکتر کەوت بێ و لەوێ مینا خانم بە قسە یان بە کردەوە «ئێهانەتی» پێ کردبێ. بەڵام کوبڕا خانم، بەبێ هیچ بەڵگەیەک مینا خانم بە تاوانباری سەرەکیی ئەو تۆمەت و نەهامەتییانەی خۆی دەزانێ.

کوبڕا خانم بانگەشەی ئەوە دەکا کە «خودای گەورە هێندێک جوانی پێ بەخشیبووم کە ببووە بە دوژمنی گیانم.»

ئەوندەی من بزانم لە سابڵاخ گەڕەکی ڕزگەیان، بە گەڕەکی ژنانی جوان بەناوبانگ بوو و زۆربەی دەستەخوشکەکانی کوبڕا خانم لەو گەڕەکە دەژیان. ئەدی چۆنە کە ئەو جوانییە تەنیا ببووە بە دوژمنی گیانی ئەو؟

کوبڕا خانم سەرەڕای ئەوەی کە ئاماژە بەمە دەکا کە «هەڵبەت تێگەیشتن لە نارەحەتیی

ژنێک کە مێردەکەی خۆشەویستی بۆ ژنێکی دیکە دەربڕیوە، ئاسانە. بەڵام ڕووخاندنی کەسێک بەو جۆرە لە دەروونەوە تێگەیشتنی بۆ من زەحمەتە.»

بەڵام لەوانەیە ئەگەر کوبڕا خانم ئەفسانەی «مێدیا»، مەلەکەی یۆنانی کۆنی بیست با، ئەوسا ئەوەی کە «ئەو سەردەمە نائاسایی نەبوو کە پیاو دوو ژن بێنێ»، پەسەند نەدەکرد.

کوبڕا خانم دەگەڵ ئەوەی خۆی ئەندامێکی چالاکی ڕێکخراوەی یەکێتیی یایان بووە، ڕێکخراوەکە و ئەندامانی لە ڕەخنە بێبەش ناکا. ئەو پێی وایە کە «ڕێکخراوەی یەکێتیی یایان لە ناخی دڵی ژنان هەڵنەقووڵی بوو.» هەروەها دەڵێ «بەڵام ئێمە وەکو ژن، بەڕاستی لەباری سیاسییەوە تەقەی سەرمان دەهات. بەهۆی نەخوێندەواری یان کەمخوێندەوارییەوە، یەکێتیی یایان کارێکی زۆری لەدەست نەدەهات، ئەگەر بە پێوەری ئەورۆ یەکێتیی یایان هەڵسەنگێنین، نێوەکەی لە ناوەرۆکەکەی زۆر گەورەتر بوو.»

با وای دابنێین ئەوە ڕاستە کە بیرۆکەی دروستکردنی ڕێکخراوەی یەکێتیی یایان لە لایەن پیاوان و بەتایبەت پێشەوا بووە، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە لەنێو نەتەوە ژێردەستەکاندا، هەرێمی ماڵێ دڵنیاترین شوێنە بۆ دارشتنی شۆڕش و جووڵانەوە. بناخەی حکومەتی کوردستانیش واتا (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ژێکاف) هەروەک هەموو جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکانی دیکەی وڵاتانی جیهانی سێهەم و کۆلۆنیکراو لە هەرێمی کەسی واتا لەنێو بنەماڵەدا بناخەی دارێژرا بوو. ئێمە دەبینین زۆربەی ئەو خانمانەی کە ناویان دیارە و بوون بە ئەندامی یەکێتیی ژنان، ئەندامی ئەو خێزان و بنەماڵانە بوون کە پشتیوانی دەسەڵاتی کوردی بوون.

هەروەها خۆی دان بەمەدا دەهێنێ کە «جگە لە مامۆستاکان و سەرۆک گەڕەکەکان، کۆمەڵێک ژنی زۆری دیکەش ئەندامی یەکێتیی یایان بوون، [...] لە باری ئابوورییەوە هێندێک یارمەتیدەر بوون [...] و، سەرکڵاوەیان دەچنی و کۆیان دەکردەوە بۆ پێشمەرگان.»

هەر ئەم گوتانەی کوبڕا خانم ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو ڕێکخراوەیە ڕێکوپێک و بە بەرنامە بووە. لە هەمووی گرینگتر ژنان متمانەیان بەو ڕێکخراوەیە کردووە، تێیدا چالاک بوون، یارمەتیی مادی و مەعنەویی حکومەتی کوردیان کردووە. ئەو ژنانە توونیی فێربوون بوون. واتا دەبینین کە «بە پێوەری ئەورۆ»ش ڕێکخراوەی یەکێتیی یایان زۆریش بێناوەرۆک نەبووە.

بە هۆی ئەوەی کە دەورەکانی خوێندنی گەورەساڵان دوای ماوەیەک لە کزی دەدا، بۆیە «سەرئەنجام کۆرسەکەمان کۆتایی پێ هات.»، یانی کلاس و دەورە نامێنێ. لە ئاکامدا بەرپرسی فێرگە بە کوبڕا خانم ڕادەگەیێنێ کە «لەسەر دەستووری یای مینا چونکە کلاسی ئەکابیر داخراوە، دەبێ حقوقی مامۆستاکە ببڕدرێ.» کوبڕا خانم لە وڵامی بەرپرسی فێرگەدا دەڵێ «[...] ئەمن ڕسق و ڕۆزیی خۆم، نە لە جەنابت دەوێ و نە لە مینا خانم [...].»

بەداخەوە کوبڕا خانم ئەم بڕیارە وەک ڕسق و ڕۆزی بڕین دادەنێ و، نایهەوێ ئەم یاسا ئاساییە جیهانییە ببینێ کە مووچە تەنیا لە بەرانبەر کارکردندا دەدرێ. ئێستاشی لەگەڵ بێ، هەر حکومەتێک ئەم یاسایە لەبەرچاو نەگرێ، بە حکومەتێکی گەندەڵ دەژمێردرێ.

بێلوتفیی کوبڕا خانم هەر مینا خانم و خەڵکی سابلاخێ ناگرێتەوە، تەنانەت حکومەتی کوردستان و پێشەواش دەگرێتەوە.

کوبڕا خانم لە ئاست زانستی سیاسیی خۆیەوە دەڵێ «زانستی سیاسیم ئەوەندە بڕ ناکا تا بتوانم لێکی دەمەوە.»، بەڵام چەند ڕستە دواتر دەڵێ: «[...] ئەگەر خۆمان ئاوا

بەتەواوەتی بە سۆڤیەتەوە نەبەست باوە، بڵێی هەر وامان بەســەرهات بایــە؟ [...] لە جیاتی پشــت بەستنەوەی تەواو بە ستالین و توانەوە لەژێر چەتری سۆڤیەت [...]»

مێــژووی خەباتی گەلی کــورد لە پێناو رزگاری و ســەربەخۆیی کوردســتان بــۆ زۆر پێــش ســتالین دەگەڕێتــەوە. دیارە بە هــۆی بارودۆخی ناوچە و جیهــان کورد ئەو هەلەی بــۆ رەخســا و حکومەتــی کوردی دامەزرانــد. بەدڵنیایی‌یەوە ئەگــەر کورد ئەم هەلەی نەقۆســت باوە، ئەو کات هەڵە دەبوو. حکومەتێکــی لیبــراڵ ناسیۆنالیســتی کورد لەســەر سیســتەمی مودێرنــی دەوڵەتداری دامەزرا و، وێــڕای راگەیاندنی فەرمیی خۆی بــە هەڵکردنی ئاڵای کوردســتان، خوێندنی ســروودی نەتەوەیی و نەخشەی کوردستانی گەورە، کەسایەتییەکی تازەی بە گەلی کورد بەخشی.

محەممــەد شاپەســەندی لــە کتێبــی بیرەوەرییەکانیدا، لە وڵامی ئەم پرســیارە کە «فەرقەکانی هــەر دوو کۆماری کوردســتان و ئازەبایجــان چی بوون؟» دەڵــێ: «کۆماری کوردســتان بەری خەباتی میللەتی کورد بوو. میللەتی کورد خۆی دەیویست خاوەن دەوڵەت بێ. ئەمما کۆمــاری ئازەربایجان بەرنامەیەکی ڕووسی بوو بۆ داگیرکردنی ئازەربایجان. فەرقە ئەساسییەکە ئەوەیە. [...] پێشەوا بەدرێژایی ئەو ســاڵانەی کوردســتان لەژێر دەسەڵاتی شوروەویدا بوو، بەردەوام لەگەڵیان لە مشتومڕدا بووە بۆ سەپاندنی مافی گەلی کورد.»

پشتبەســتن بە ســۆڤیەت تاکە هۆکاری ڕووخانی کۆمار نەبوو.

کوبــڕا خانم بێ هیچ بەڵگەیەک دەڵێ کە «پێشــەوا دەوروپشتەکانیشی هان دا تا بەرەو پیری ئەرتەشــی ئێران بچن و بەخێرهاتنیان بکەن.»


نەوشــیروان مستەفا لە کتێبی حکومەتی کوردستاندا دەنووسێ: «هەموو کەس ئەیزانی هێرشــێکی گەورە بە ڕێگاوەیــە. ڕۆژی ٥ی دیسەمبری ١٩٤٦ قازی محەممەد تاقمێکی ١٠ کەسی لەوانە سەیفی قازی و سەدری قازی بۆ ڕاوێژ دەبارەی پێکهاتنی شــوورای جەنگ بــۆ کۆبوونەوە بانگ کرد ... لەم کۆبوونەوەیەدا بریار درا هێزەکانی عەشــایر و جمهوری ساز بدرێن بۆ بەرهەڵستی هێزەکانی ئێران. بەڵام دوا بڕیاریان بەجێ هێشــت بــۆ کۆبوونەوەی ڕۆژی دوایی کە ئەبوو لــە مزگەوتی هەباس ئاغا بکرێ. ... ڕۆژی ١٥ی ســەرماوز ... بانگ کران ... بۆ ڕاوێژ و بۆ بڕیاردانی دوا هەڵوێست بەرانبەر بە هاتنەوەی ئەرتەش و دەســەڵاتی ئێرانی. پێشەوا و سەدری قازی ڕەئیان وابوو ئەبێ پێشگیری لە ئەرتەش بکرێ... لە بەرانبەر ئەم ڕەئیــەدا، لە ناو خەڵکی شــاردا هەندێ کەســی وەک مەلاعەبدوڵای مدەرەسی و ملا حوســێنی مجدی ڕەئیان وابوو بەربەرەکانی کردنی هێزەکانی دەوڵەت کارێکی بێ‌سوودە. بەوەش بیری ئاشــبەتاڵیان لەنێو خەڵکدا بڵاو کردەوە.»

پێشــەوا تا ئــەو ڕادەیە ئۆگــری کورد و کوردستان بوو، کاتێک کە دوای شەهیدکردنی جلوبەرگە خوێناوییەکەی ڕادەستی بنەماڵەی دەکرێتەوە.

دەبینن ئاڵای کوردســتانی ســەردەمی ژێکاف لە قــەدی گیرفانیدایــە و ڕایگرتووە. ئەم ئاڵایە تاکوو ئێســتاش لای ئازیزانی هەر ماوەتەوە.

## کۆتایی

ئاســاییە مرۆڤەکان دڵیان لــە مرۆڤەکانی کۆمەڵگاکەیــان بشــکێ و هەســت بکــەن زەبرێکی قورســیان وێ کەوت بێ. ئەزموونە ناخۆشەکانی ژیان، بە هاسانی دەتوانن مرۆڤ تووشــی زەربــەی دەروونی بکەن. ئاســتی کارتێکەریــی ئەو گورزانــە پێوەندی بە نۆرم و هەڵســەنگاندنەکانی کۆمەڵــگا و بە خودی کەســەکەوە هەیە کە چــۆن مامەڵە لەتەک




ڕووداوەکە دەکا.

بەداخـــەوە کوبرا خانم بە برینێکی زۆر بە ئازارەوە ژیاوە «ئێســـتاش ڕوخساری ئەو ژنانە کە وەک عیفرەتـــە وا بوون، دێنەوە بەرچاوم، لە مێشـــکم نەچوونەتە دەر و پاک نەبوونەوە ... نازانـــم چۆن توانیم بەرانبەر بەو وەزعە خۆ ڕاگـــرم و کۆتایـــی بە ژیانم نەهێنـــم... ئەمن لەبەر ئەوەی داوێنپاک بـــووم، زۆر بەغیرەت لە بەرانبەر بەو هەموو بوختانانە ڕاوەســـتام... ژیانیـــان لێ تاڵ کرد بووم... هەر بڕوام بەخۆم نەما بوو... بەداخەوە بەزیم ... لە ڕووی ناچاری مێـــردم پێ کرد... لێی جوێ بوومەوە ... وردە وردە ببـــم بـــە مرۆڤێکی مرچ و مـــۆڕ و تا ئـــەو جێیەش بۆم کرا بـــا، دووریم لە خەڵک دەکرد...»

ئەوەی بەسەر کوبرا خانم هاتووە، دەیتوانی بەســـەر هەر کەســـێکی دیکەدا بێ و تووشی ئـــەم حاڵەتە جۆراوجۆرانـــەی دەروونی وەک، دڵەڕاوکێ، شەرمەزاری، کەمبوونەوەی متمانە بەخـــۆ، خۆبەزلزانین، خەمۆکـــی، بیرکردنەوە لە زیـــان بەخۆگەیاندن، هەســـت بە ترس و تووڕەیی کردن، ویستی تۆڵەسەندنەوە ببێ و کارێک بکا کە بەدڵ نایهەوێ بی کا.

بە دڵنیایی‌یەوە ئەگـــەر کوبرا خانم لەنێو کۆمەڵگادا پشتیوانێکی هەبا، ئەوەی ڕوویدا بوو، تەنیا دەبوو ڕووداوێکی ناخۆش نەک تروما کە نەتوانێ وەک پێشوو بژی. تروما بە مەرجێک کورتخایەن بێ، بە ناسازیی دەروونی ناناسرێ، بەڵام لەســـەر زەین و هەســـت، سیســـتمی بەرگری، خوووخدە، هەڵسوکەوت، پێوندی و دۆستایەتیی مرۆڤ کاردانەوەی خۆی نیشان دەدا.

ناهومێدی و فشارەکانی دەروونی و دەرەکی گەمارۆی کوبرا خانمیـــان داوە، ئەو بە دوای شـــیفای هەستە بریندارەکانیدا دەگەڕێ تا لە قەیرانـــی دەروونیی خۆی بێتە دەر. بۆیە وردە وردە زیاتر دەکەوێتە نێو دین و دینداریییەوە. لە ڕێـــگای بەدەســـتەوەگرتنی کتێبی دینی، ڕابـــردووی کاڵ دەکاتـــەوە و داهاتووی ڕوون دەکا. ئـــەو وەک هاندەر و کەســـایەتییەکی ئایینی لە کۆمەڵگادا دەردەکەوێ. لە بۆنەکانی ئایینیدا چالاک دەبێ و لـــە مەولوودییەکاندا مەولوودنامە دەخوێنێتەوە. خانەقا و تەکیەکان ناســـنامەیەکی تازە و ڕەوای لـــە کۆمەڵگا بۆ وەردەگرنـــەوە. هەر هەڵســـەنگاندنەکانی ئەو کۆمەڵگایـــەی کـــە ســـەردەمێک بریندار کردبوو، ئێستا تیماری دەکا.

بەرپرسی بەســـەرهاتەکانمان خۆمانین و تەنیا کردەوەکانمانن کـــە مانای ژیانمان دەر دەخەن.